



# ناحیەی ڕزگاری پێویستی به نەخۆشخانە و باخچەی ساوایان هەیە

لەســاڵی ١٩٨٩ لەلایەن حکومەتی عیراقەوە گوندی تۆبزاوەی کردە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ و خەڵکی دەڤەری برادۆســت و ڕانیەو پشــدەرو چەند ناوچەیەکی پارێزگای کەرکوکی ڕاگواســتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایە، لەساڵی ٢٠٠٤دا کۆمەڵگای تۆپزاوە بوو بە ناحیەی رزگاری، ئەم ناحیەیە کۆمەڵگاکانی تۆبزاوە کە سەنتەری ناحیەکەیە و سێبیران و کانی قرژاڵەو جدیدەو ١٥ گوند لەخۆ دەگرێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤٠ هەزار کەسە، رزگاری لەدوای بوون بە ناحیە چەندین کار و پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام ئەو کارو پرۆژانەش بەپێی پێویســتی و داواکاری هاووڵاتیان نییە، وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان ســەردانی ناحیەی رزگاریمان کرد و لەنزیکــەوە چەنــد هاووڵاتییەکمان دواند کە هەر یەکەی لەلایەنێکی خزمەتگــوزاری بەتایبەتی لە کەمئاوی و فرێدانی زبڵوخاشــاك و نەبوونی نەخۆشــخانە یا بنکەیەکی تەندروستی بەرفراوان ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆمان دەربڕی.





بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری بۆ(گوڵان):

# پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوەمان پێویستە

## کەمی خزمەتگوزاری و داواکاری هاووڵاتیان

لەنـــاو گەڕەکەکانـــی شـــارۆچکەی رزگاری چەند هاووڵاتیەکمان دواند هەر یەکەیان باســـی لە جۆرێـــك لەکەموکوڕی و کێشـــە و گرفتی خزمەتگوزارییەکان کرد، هاووڵاتی سەبریە قاسم کە یەکێك لەمنداڵەکانی نەخۆشـــبوو دەیبرد بۆ بنکەی تەندروستی لەبەردەمی بنکەکەدا دواندمان و بەمشـــێوەیە هاتە ئاخاڤتن: نەخۆشخانەکەمان بچوکەو هەموو پشکنینێکی نییە و داودەرمانیش کەمە، بەگشـــتی بۆ زۆربەی نەخۆشـــیەکان و پشکنین و چارەســـەرکردن سەردانی نەخۆشخانە و نۆرینگەی پزیشـــکانی شاری هەولێر دەکەین، بۆیـــە بەپێویســـتی دەزانـــم نەخۆشـــخانەیەکی هاوچـــەرخ بەگوێـــرەی ناحیەو ســـنوورەکەمان بۆ دروســـت بکەن و پزیشـــکی نەشتەرگەری و پســـپۆڕی بۆ دابمەزرێنن. لەگەڕەکی ئاشـــتی هاووڵاتی عەبدولقادر ئەحمەد وتی: کۆکردنەوەی زبڵوخاشـــاکی کۆڵانەکان بەشـــێوەیەکی خراپ و نارێك کۆدەکرێنەوە، هەر ئەمەشـــە وایکردووە ناو گەڕەك و ســـەنتەری شـــارۆچکەکەمان زۆر پاکوخاوێـــن نییە. ســـەبارەت بەلایەنی وەرزش و لاوان هاووڵاتی محەمەد ســـالار وتی: لەلایەنی لاوان و وەرزش و ڕۆشـــنبیری کەموکـــوڕی و گرفتمان هەیە و پێویســـتمان بە هۆڵی وەرزشی و پەرتوکخانەیـــەك و یاریگایەکـــی تۆپی پێی هاوچـــەرخ هەیە، لەلایەکی تر لەناو ســـەنتەری شـــارۆچکەکە پارك و یاریگای منداڵانمان زۆر پێویســـتە. هـــەر لەمبارەیـــەوە هاووڵاتی دەرباز نامیقیش کە قوتابیەکـــی قۆناغی ١٢بوو وتی: ناحیەکەمان پێویستی بە پەرتوکخانەیەك هەیە تا ئێمەی قوتابیان و لاوان سوودی لێوەربگرین.

ســـەبارەت بەگرفتی کەمـــی ئاویخواردنەوەش هاووڵاتی ئەنوەر مەجید وتی: لەهەندێ گەڕەك گرفتـــی ئاویخواردنەوەمـــان هەیـــە بەتایبەتی لـــەوەرزی هاویندا، هەروەهـــا لەبواری باخچەی ســـاوایان و بینایەی قوتابخانەشـــدا کەموکوڕی هەیەو پێویســـتمان بە دروستکردنی باخچەیەکی ســـاوایان و چەند قوتابخانەیەك هەیە، هەرچەندە ئێســـتاکە قوتابخانەیەکی مۆدێرن و بەرفرەوانیان بۆ دروســـتکردووین، بەڵام هەر پێویســـتمان بە بینایەی تری قوتابخانە هەیە. هاووڵاتی رەسوڵ قادر لەگەڕەکی شەهیدان وتی: شەقام و کۆڵانی هەنـــدێ لەگەڕەکەکانی ناو ناحیەکە پێویســـتی بەرێککـــردن و چاککردن هەیـــە، هەندێ کۆڵان و شەقامیش پێویســـتیان بەقیرتاو و کۆنکرێت و شۆستە هەیە و هەر ئەو گەڕەکانەش پێویستیان بە پرۆژەی ئاوەڕۆیە. هاووڵاتی عەبدولڕەحمان نادر وتی: کارەبای هەندێ لەگەڕەك و شـــوێنی ناو ناحیەکە باش نییە و هۆکارەکەش دەڵێن بۆ کەمی ڤۆڵتییـــە دەگەڕێتەوە، هەروەها زۆر پێویســـتمان بەدارچاندن و باخچەو پارك دروستکردن هەیە .


**بۆ بەدواداچوون لەســـەر گلەیـــی و داواکاریی خەڵکی ســـنووری ئیدارەی رزگاری بەتایبەتی ســـەنتەری ناحیەکـــەو چەندیـــن پرســـیاری دیکەمان لەسەر کێشـــەو کەموکوڕی کاروپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ڕووبەرووی ستار ئاغا عومەر بەڕێوەبـــەری ناحیەی رزگاری کرد کە پوختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

## فراوانبوونی سنووری شارەوانی

سەرەتا سەبارەت بە گرنگی و هەبوونی ماستەرپلان و کێشـــەی تاپۆ بەڕێوەبەری ناحیـــەی رزگاری وتـــی: دوای ئەوەی تۆبزاوە بوو بە ناحیە کۆمەڵێك کارو پڕۆژەی پێویستی لەگەڵ خۆی بۆ جێبەجێ کراو، بەرنامەیەك بۆ ئەولەویەتی کارو پڕۆژەکانمان دانـــاوە تاوەکو بتوانین لەڕێگای ئەو بودجەیەی کە لەپەرەپێدانی پارێزگای هەولێـــرەوە بۆمان تەرخان دەکرێت ئەوە کارو پڕۆژەکان جێبەجێ بکەین، ناحیەی رزگاری نەخشەی بنەڕەتی خۆی هەیە و شوێنی گەڕەك و پـــارك و خزمەتگـــوزاری و قوتابخانەو ناوچـــەی پیشەســـازی و هەمـــوو وردەکاری و پێکهاتەکانی لەسەر دیارکراوە، هەروەها فرەوانبوونی ســـنووری شارەوانیشـــمان بۆ کراوە، بەڵام هێشتا پەســـند نەکراوە و بەفەرمانێکـــی وەزاری توانیمان خەڵکی ناحیەکە بەتایبەتی ئەوانەی کرێچی بوون لەپێدانی زەوی سوودمەند بکەین کە لەڕێگای ئەو هەوڵ و فەرمانەوە ١١٧٤ پارچە زەوی دابەشـــکرا و ئەو شوێنەی بڕیار بوو بە خەڵکەکەی بدەین ئەو زەویانە پێویستیان بەکوژاندنەوە هەبووە، بەڵام لەناو سەنتەری ناحیەکەدا ڕووبەرێکی زۆری زەوی هەبوو بۆیە ئەو پارچە زەویانەمان لەناو سەنتەری ناحیەکە دابەشـــی ســـەر خەڵکەکە کرد تاوەکو لە کێشەیی کوژاندنـــەوەی زەوی رزگارمان بێت، گەرچی ئەو زەویانە تائێســـتا هەر کارتـــە و مامەڵەی تاپۆیان تەواوکـــراوە تەنیا ئەوە ماوە کە تاپۆکان بەخەڵکەکە بدەین، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی لەسەر تاپۆی قەزای خەبات ئەوە مامەڵەی تاپۆی زەویەکانی رزگاری دواکەوتووە.









### کێشەی ئاو

سەبارەت بە ئاویخواردنەوە بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری وتی: ساڵانە لەو بودجەیەی بۆ ناحیەکە تەرخان دەکرا بەشێك لەو بودجەیەمان بۆ گۆڕین و چاککردنی تۆڕی ئاوی ناو گەڕەك و سەنتەری شارۆچکەکە تەرخان کراوە و پێنج بیری ترمان هەڵکەند و کێشەی کارەبای بیرەکانی ئاومان هەبوو بۆ ئەوانیش موەلیدەمان دابینکرد، بەم کارانەی ئاماژەمان پێدا ئەوە توانیمان تا ئاستێکی باش کێشەی کەمئاوی لەناو ناحیەکەدا چارەسەر بکەین. بەڵام کێشەی ئاویخواردنەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە بیر چارەسەر نابێت، بەڵکو پێویستی بەپڕۆژەیەکی گەورەو ستراتیژییە کە لەزێی گەورەوە دابمەزرێت و ئاو بۆ ناحیەو سنوورەکە دابین بکات. چونکە ناحیەو سنوورەکەمان لەو زێیە نزیکین. بۆ ئەو جۆرە پڕۆژەیە داواکاری پێشکەش کراوە و لەپلانیش دانراوە، لەگەڵ بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری هەولێر قسەمانکردووە و لەم ماوانەدا بیرێکی ترمان لەم گەڕەکە بۆ لێدەدەن و گرفتەکە چارەسەر دەبێت.

**شارەوانیی بەشێوەیەکی زۆر خراپ و نارێك زبڵوخاشاكی كۆڵان و گەڕەكەكان كۆدەكاتەوە**

### بەبڕی ١٥ملیار دینار پڕۆژە ئەنجامدراوە

سەبارەت بەکارو ئیش و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری وتی: لەلایەنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی زۆر گرفتمان هەبوو، هەربۆیە لەناو سەنتەری شارۆچکەکەوە زۆر کارو ئیشمانکردووە کە دەتوانم بڵێم بەبڕی ١٥ملیاردینار لە چەندساڵی ڕابردوو تا ئێستا چەندین پڕۆژە جێبەجێکراوە، پڕۆژەکانیش وەکو جووت سایدی ناو بازاڕ و ئاوەڕۆی ژێر جووت سایدەکەی ناو بازاڕ و چاککردن و قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی زۆربەی گەڕەکەکان و دروستکردنی ئاوەڕۆ لە چەندین گەڕەکی دیکە، هەروەها هەندێ گەڕەك ماوە کە کۆڵانەکانیان شۆستەو قیرتاویان بۆ بکرێت هەر ئێستاکە لەوگەڕەکانەش ١٠٠ هەزار مەتر کۆڵان و شەقامان هەیە کە کاری قیرتاوکردنی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەتەواوبوونی ئەو ١٠٠ هەزار مەترەش قیرتاوکردن ئەوە لە٩٥٪ی کۆڵان و شەقامەکانی ناو سەنتەری ناحیەکە کێشەی قیرتاوکردنیان نامێنێت. سەرەڕای ئەو کارانەش تائێستا لەڕووی ئاوەڕۆوە کەموکوڕی و کێشەمان هەیە و ئومێدمان ئەوەیە لەساڵی داهاتوو ئەولەویەتی کارو پڕۆژەیەکانمان بۆ ئاوەڕۆ بێت.

### کارەبای سەنتەری ناحیەکە

سەبارەت بە کێشە و گرفت و کارو ئیشەکانی بواری کارەبا لەناو شارۆچکە و سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیە رزگاری وتی: بەهەر هەموو شارۆچکەکە یەك فیدەری کارەبای لە وێستگەی کارەبای قەزای خەباتەوە بۆ هاتبوو هەربۆیە ئێمە پڕۆژەیەکی زۆر باشمان ئەنجامدا و فیدەرەکەمان کردە سێ فیدەر، هەروەها لەناو ناحیەکە ٢٠ محەویلەشمان داناوە، ئێستا کێشەی بارقورسی لەسەر کارەبایەکە بەهیچ جۆرێك نەماوە.

### کۆمەڵگای سێبیران و کانی قرژاڵە پێویسیان بە دابەشکردنی زەوی هەیە

سەبارەت بە گلەیی و گازاندەی خەڵکی کۆمەڵگای سێبیران و کانی قرژاڵە لەسەر پێنەدانی زەوی نیشتەجێبوون بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری وتی: لەکاتی خۆی بەبڕیارێك کە زەوی نیشتەجێبوون لە سنووری قەزو ناحیەکان بەسەر خەڵکەکە دابەشکرا ئەوە خەڵکی کۆمەڵگاکانی سێبیران و کانی قرژاڵە لێی سوودمەندنەبوون و ئێستاکەش کێشەی سەرەکی ئیدارەی ناحیەکە ئەوەیە کە ئەم دوو کۆمەڵگایە لەساڵی ١٩٧٧ەوە دروستکراون و تا ئێستاکەش زەویان لێ دابەش نەکراوە و خەڵکەش داواکاریان لەمبارەوە زۆرە، ئێمەش بەمافی خۆیانی دەزانین کە زەویان بەسەر دابەش بکرێت.

### لەکەرتی پەروەردەدا تەنیا پێویستمان بە بینایەی باخچەی ساوایانە

سەبارەت بە کەرتی پەروەردە بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری وتی: لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو تا ئێستا لەناو سەنتەری شارۆچکەکە سێ قوتابخانەی گەورەمان بۆ دروستکراوە و ئێستاکە قوتابخانەکان سێ دەوامیان تێدا نەماوە تەنیا دوو دەوامین و لەڕووی میلاکاتیشەوە کێشەمان نییە، سەرەڕای ئەمانەش ساڵانە پێویستمان بەبینایەی تری قوتابخانە هەیە، هەروەها ئێمە لە کۆمەڵگاکان و ناو ناحیەکە باخچەی ساوایانمان هەیە، بەڵام لە خانووی کرێدان، واتە کێشەی نەبوونی بینایەی باخچەی ساوایانمان لە کۆمەڵگاکان و ناو ناحیەکە هەیە، ئەو کێشەیەشمان گەیاندۆتە لایەنی پێوەندار هەر بۆیە ئێستاکە بڕیارە بینایەکی باخچەی

**خەڵکی کۆمەڵگای سێبیران و کانی قرژاڵە داوای پێدانی زەوی نیشتەجێبوون دەکەن**



## وەزارەتی کشتوکاڵ لە سنوورەکەدا هیچ پرۆژەیەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی ئەنجام نەداوە

ساوایانی هاوچەرخ و بەرفرەوان لەناو ناحیەکەدا دروست بکەن و بۆ کۆمەڵگاکانیش داوای دروستکردنی باخچەی ساوایانمان کردووە.

**کۆمەڵگای جدیدە**

**پێویستی بە بنکەیەکی تەندروستی تازەیە**

سەبارەت بە کێشەی بنکەی تەندروستی جدیدە بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری وتی: کێشەی بنکەی تەندروستی جدیدەمان هەیە کە کۆنەو پێویستی بە بنکەیەکی تازە و بەرفرەوان هەیە، بەڵام تائێستا نەتوانراوە بۆیان دروست بکرێت، هاوکات لە سەنتەری ناحیەکەدا بنکەیەکی تەندروستی هەیە و ئەو بنکەیەش چەند ژوورێکی بۆ درووستکراوەو بەرفرەوان کراوە لەلایەکی تر لەبەر پێویستی هەر لەم بنکەیە بەشی ئێشکگرمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر بەدەنگ خەڵکەکەوە بێن، بەڵام پێویستمان بەنەخۆشخانەیەکیشە و بۆ ئەو مەبەستە داوامان بەرزکردۆتەوە و وەڵامی داواکەمان دراوەتەوەو ئێستا ڕووبەرێکی زەوی ٥هەزار مەتر دووجامان بۆیان دابینکردووە.

**کۆکردنەوەو خۆ رزگارکردن لە زبڵوخاشاک**

سەبارەت بەکۆکردنەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاک بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری وتی: هەموو زبڵوخاشاکی ناو شاری هەولێر دەهێنرێتە کانی قرژاڵە کە سنووری ناحیەکەی ئێمەیە زۆر جار دەبینین ئەو زبڵە ئاگری دەگرێت و دووکەڵ بەری ئاسمانی سنوورەکەمان دادەپۆشێت هەندێکجار بەشێوەیەکە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەو شوێن و سنوورە هاتوچۆ دەکەن دەبێت گڵۆپی لایتەکانیان دابگیرسێنن، سەرەڕای پیسبوونی ژینگە و کاریگەری خراپی ئەو چرە دوکەڵە بەسەر کەسانی نەخۆش و بەتەمەن، لەلایەکی تر ئەو کرێکارانەی لەبواری شارەوانی بەتایبەتی لە پاککردنەوەی ناو ناحیەکەدا کار دەکە موچەکەیان زۆر نییە و هەموو کەسیش لەلای خۆمان ئەو کارە ناکەن بۆیە لێرەو لەوێ هەندێ جار گلەیی لە پاککردنەوەی ناو کۆڵان و گەڕەکەکان هەیە و پلانێك لەلایەنی شارەوانی هەیە کە پاککردنەوەو خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاك بدرێت بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیای خاوەن ئەزموون و شارەزا و ئەم سیستەمەش بۆ ناحیەکەی ئێمەش پیادەکراوەو بۆیە ئێستاکە لەلایەنی هەڵگرتنەو کۆکردنەوە و خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاکی ناو سەنتەری ناحیەکەدا زۆر باشین و کەمترین کێشەمان دێتەڕوو.

**هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی و داراییمان نییە**

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێڕیی و داراییی بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری وتی: ئێمە هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی و داراییمان وەکو بەڕێوبەرایەتی ناحیە بەسەر فەرمانگەکانمانەوە نییە و ئێمە هیچ بودجەیەکمان بۆ کارو پرۆژەکان لەبەر دەست نییە، تەنیا ئەو بڕە پارەیە نەبێت کە مانگانە بۆ خەرجی بن دەست پێمان دەدەن، ئەویش تەنیا دوو ملیۆن دینارە، هەر بۆ نموونە لەبارەی دەسەڵاتەوە لەکاتێك تۆڕی ئاویخواردنەوە پێویستی بەگۆڕینی قوفڵێك بێت کە نرخەکەی ٥هەزار دینارە ئەوە دەبێت نووسراو بۆ سەرووی خۆمان و لایەنی پێوەندار بکەین و ڕەزامەندی لەسەر کرینی بدەن.

**وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ پرۆژەیەکی نییە**

سەبارەت بەکارو ئیشەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە سنوورەکەدا بەڕێوبەری ناحیەی رزگاری وتی: وەزارەتی کشتوکاڵ تاکە وەزارەتە لە سنوورەکەدا جێگای پەنجەی خۆی نەکردۆتەوەو هیچ پرۆژەیەکی لەسنووری ناحیەی رزگاری کە سنوورێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە ئەنجام نەداوە، خەڵکی ئەو سنوورەی ئەوانەی کاری کشتوکاڵی دەکەن نیوەی زیاتر بەرهەمی دانەوێڵەیان لەبەر کەمی باران نەبوو بۆیە وا پێویستی دەکرێت کە وەزارەتی کشتوکاڵ پرۆژەی ئاودێری بۆ ئەو سنوورە بکردبوایە و ئامێری رشاندن و جۆری پێویستی بەسەر جوتیاران دابەش بکات تاوەکو جوتیاران تەنیا پشت بەئاوی باران نەبەستن، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ و لایەنی پێوەنداری تر بەپێی پێویست هیچ یەکێك لەو پرۆژانەی بۆ بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ لەسنوورەکە ئەنجامی نەداوە، هەربۆیە دیاردەی فرۆشتنی زەوییە کشتوکاڵیەکان رووی لەزیادبوون کردووە.







**بەفەرمانێکی وەزاری توانیمان خەڵکی ناحیەکە بەتایبەتی ئەوانەی کرێچی بوون لەپێدانی زەوی سوودمەند بکەین**

